یەڵماز گونەی : بینینێک لە زیندانێکی تورکیادا

نووسینی: ئیلیا کەزان

وەرگێرانی: کارزان کاردۆزی

* ئیلیا کەزان، یەکێک لە گەورە دەرهێنەرانی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٧٩ دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاکەی کە تێدا لەدایکبووە و سەردانی هاورێی دەرهێنەری، یەڵماز گونەی، لە زینداندا دەکات و لە بارەی توندوتیژی و سیاسەت و هونەرەوە دەدوێن.

چوار ساڵ لەمەوبەر لە پاریس فیلمێکیان پیشاندام کە لە لایەن دەرهێنەرێکی تازە گەنجی تورکییەوە دەرهێنرابوو، یەڵماز گۆنای، ناوی فیلمەکە "هیوا" بوو، زۆر فیلمێکی جوان بوو. دەرهێنەری فیلمەکە، وەهەروەها ئەکتەری سەرەکی ئێستا بۆ دووهەم جار لە زیندان دایە. ئەو لە تەمەنی ٢٠ سالیدا بۆ یەکەم جار زیندانی کراوە لەسەر نووسینی کورتە چیرۆکێک کە ڕژێمی تورکیا بە پڕۆپاگەندەی کۆمۆنیستی داناوە، وە دووەمین جار گرتنەکەی گرتنێکی سیاسیانە بووە، گۆنای یارمەتی ئەوکەسانەی داوە کە دژایەتی ڕژێمی تورکیایان کردووە

لەو کاتانەدا قسەکردن هەبوو لەسەر لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانە سیاسیەکان، بۆ یارمەتیدانی بەردانی گۆنەی بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەستەمبووڵ چەند ووتارێکی ستایشم لە بارەیەوە نووسی لە ڕۆژنامی میلیەتدا.لە بارەی "هیوا" وە نووسیم کە فلیمێکی تازە و هونەریانەیە و کۆپیکردنی فیلمەکانی هۆلیوود و فیلمە ئەوروپیەکان نییە، بەڵکو لە ناخی ڕاستگۆی ژیانی گووندیە وە هاتووە و ئەو جۆرە فیلمانە پێویستە لە لایەن دەزگا کلتۆریەکان و پەروەردەیەکانی وڵاتەوە یارمەتی بدرێن. کۆتای نووسینەکەم بەوە هێنا کە تائێستا نە متوانیوە کەسانی چیرۆکی فیلمەکانی گۆنەی لە بیربکەم. ووشەی "هیوا" بۆ کەسانی ئەو فیلمە وشەیەکی گاڵتیانەیە. دوای بینینی فیلمەکە بە درێژای ئەو ڕۆژە هەستێکی ناخۆشکەرانەم لە دڵدا بوو، پرسیارم لە خۆمدەکرد "چی دەبێت ړووبدات لەو کەسانە لە داهاتوودا؟

لە زیندانێکی تورکیدا یەڵماز گۆنای ووتارەکی منی خوێندەوە. "پرسیارەکەی تۆ"، گۆنای ووتی: "بنچینەی فیلمەکەی دواترم بوو". لەدوای ئازادکردنی لە زیندان گۆنای بە هەستێکی بە هێزەوە پرۆژەی تازەی دەستپێکرد، بە خێرای سیناریۆی فیلمەکی نووسی و ئەکتەر و تەکنیککارەکانی کۆکردەوە و کامێرەی بەرەو ناوچەی یومەرتەلیک لە باشوری تورکیا برد بۆ وێنەگرتن. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو، چەند ڕۆژانێک دوای دەستپێکرتن بە وێنەگرتن، گۆنای بۆ جارێکی تر خرایە زیندانەوە، پێیان ووتم کە گۆنای ئەم جارە پیاوێکی حاکمی کوشتووە.

چەند هەفتەیەک لەمەو پێش جارێکی تر سەردانی تورکیام کرد، ئەم جارە وەکوو میوانێکی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بولیند ئەجەوید، کە چەند هەفتەیەک لەوە و پێش لە نیویۆرک ناسیبووم. ئەو لێی پرسیم کە گرنتگی من بە تورکیا چییە؟ "خەریکی نووسینی نۆڤلێکم" من ووتم "هیوادارم بەوەی کە بینووسم وەیان دوایی کە دەیکەم بە فیلم بۆ ئەوەی تورکیا و یۆنان لە یەکتر نزیکبکەمەوە، ئەوە حەزی منە"، " ئەوە هیوای منیشە" ئەو وەلامی دایەوە و دەستی درێژکرد بەرە و کەیسێکی زیووی جگەرە کێشان کە لەسەر مێزەکەی بوو وە ئیمزای کۆنستەنتین کارامێسی سەرۆک وەزیرانی یۆنانی پێوەبوو، کە لە سەر میوانداری بولیند ئەجەوید لە سەیرانگایەکی سویسرا یەکتریان ناسیوە و بوونتە بە هاوڕێ. هیوای بولیند ئەجەوید ئەوەیە کە تورکیا بەرەو ئازادی بەرێت و منییش سودێکم لەو ئازادیە وەرگرت بەوەی کە بولیند ئەجەوید سەیارەیەک و شوفێرێکی بۆ دابینکرم و بۆ هەر شوێنێک بمخواستایە دەمتوانی برۆم لە گەڵ یارمەتیدانی پرۆفیسۆرێکی مێژوویی مێتی تونچەی و کەنان گیرێدی کە نووسەر و دەرهێنەرێکە، هە هەموو کات ئامادە بوون وەلامی پرسیارەکانم بدەنە وە، وە هەروەها بە زۆر حیمایەیەکی لەگەڵ دانام، بەتەنها لەمساڵدا لە تورکیادا، ٥٥٠ کوشتنی تیرۆریستی روویداوە.

بە درێژای ٢٥٠٠ مایەل بە ڕۆژئاوای تورکیادا گەڕاین، ئەستەمبووڵ دوا وێستگەی گەشتەکەمان بوو، هاورێیەکم داوای لێکردم کە سەردانی یەڵماز گۆنای بکەم لە زیندان. حەزم کرد بە سەردانەکە ی نەک لە بەرئەوەی کە گۆنای ببینم بەڵکوو بەهۆی بینینی فیلمی "میدنایت ئێکسپرێس" کە لە نیویۆرک بینیتم پێش هاتنم بۆ تورکیا. گەرچی فیلمەکە شاری ئەستەمبوڵ بە شێوەیەکی راستیانە نیشان دەدات، بەلام بە گشتی فیلمی "میدنایت ئێکسپرێس" فیلمێکی رەگەزیانەیە کە کەسانی تورکی بە شێوەیەکی ناشیرین و درەندە و دەم بەخوێن نیشاندەدات، شێوەی فیلم کردن کە زۆرم لێبینیوە.

باپیرانی من یۆنانی خەڵکی ئەنەتۆڵیان، لە ژێر دەستی تورکەکاندان لەوەتەی گرتنی ئەستەمبوڵەوە لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ١٤٥٣ دا، تەنانەت لە باشترین کاتدا لە ژێر رەحمەتی تورکەکاندا بوون و تەنها بە زیرەکی و وورییایی خۆیان لە ژیاندا ماونەتەوە، ئەوان بەوەوە بە ناوبانگ بوون. کاتێک من تەمەنم چوار ساڵ بوو لە ساڵی ١٩٢٣ دا مامم ئێمە ی برد بۆ ئەمەریکا، ئە وە ڕزگارکردنێک بوو لە ڕووی دەروونی و لاشەییەوە.

ئێستاش بیرەوەری منداڵیم هە یە: لەناو جێگەدا بە منداڵی لەگەڵ نەنکمدام کە ئەو بە تورکی چیرۆکم بۆ دەگێریتەوە، چیرۆکەکانی خۆشن وە من شەر ڵەگەڵ خەودا دەکەن تا نەخەوم.

نەنکم هیچ یۆنانیەکی نەدەزانی و تەنانەت ئینجیلە کەشی بە تورکی دەخوێندە وە، ئەو تۆزە تورکیەی ئێستا من دەیزانم دەگەڕێتە وە بۆ ئەو سەردەمە. چەند لە چیرۆکەکانی نەنکم دڵخۆشکەرانە بوون، باسی ئەو کارانەیان دەکرد کە یۆنانیەکان تورکە کانیان پێهەڵدەخڵەتاند، چەند فێڵباز بوون ئەو یۆنانیانە بەرامبەر بە تورکەکان بۆ ئەوەی بژین هەندێک لەچیرۆکەکانی دڵناخۆشکەر بوون، باسی لە و کوشتنانە دەکرد کە ئەو لە ژیانی دا بینی بوی

بە بیرم دێت کە یەکەم جار گەڕامە وە بۆ تورکیا تەمەنم پەنجا ساڵ بوو وە ناوبانگم هە بوو، بەڵام دایکم لێم دە پاڕایەوە کە ئەو گەشتە نەکەم، " ئەو خەڵکانە دەتکوژن " ئەو دەیوت " تۆ ئەوان ناناسیت". لە نێوان نەنکم و دایکمدا من وا گەورە کرابوم کە لە تورکە کان بترسم، گەر چی بڕوام وابوو کە فیلمی "میدنایت ئێکسپرێس" فیلمێکە دوورە لە ڕاستیەوە، بەڵام لەناخم دا شتێک دەبوایە ئەو بروا کۆنە نەهێڵێت، لەبەرئەمە زۆر چاوەڕوانی سەردانەکەم دەکرد بۆ زیندانی تۆپتاشی. سەردانەکەم وارێخست کە کەم کەس بزانێت بۆ ئەوەی وەکوو کەسێکی گرنگ رەفتارم لەگەڵ نەکەن، سەرلەبەیانی زووی ڕۆژی شەمە لە بەردەم دەرگای زیندان دا دەوەستم، ئەو شەمەیە ڕۆژی جەژنی دینیی قوربان بوو، لە بەرئەوە ڕێگەدەدرا بە کەس و کاری زیندانیان کە سەردانیان بکەن. کاتژمێر هەشت هۆتێلەکەمان بەجێهێست و لە گە ورە پردی بۆسفۆرەسەوە گەیشتینە ناوچەی ئوسکەدار لە ئەستەمبوڵ. لە ڕێگاوە و بەرە و زیندان هەمان ووتاربە دیوارەکانە وە نووسرابوون " نە ئەمەریکا و نە ڕوسیا "، " سەربەستی بۆ تورکیا یان مردن"، وە ئانارکەکانوش نووسیبیان " سەرکەوێت شۆرشی تیرۆریزمی چینی پرۆلیتاریات". زیندانی تۆپتاشی لەپشت دیوارێکی زەردی گەورەوە بوو، چیمەنتۆی لە هەرچوارلاوە بە قەڵای باریک دەوردراوە، لەوبەر جادەکەوە مزگەوتێک هەیە. بڕوام وابوو کە بەردەم زیندان پڕبێت لە ژن و منداڵ بەڵام کاتژمێرێک پێش کاتی سەردان بوو وە تەنها یەک ژن لە بەردەم ئەو قادرمە ئاسنە درێژانەدا وەستابوو کە بۆ سەرەوە بەرەو ژووری پێشوازی دەچوو کەلەوێ زیندانیەکان دەبینیت. لەدەرگای ژووری پیشوازیمان دا بەڵام بەبێ هیچ وەڵامێک، بە رەو سوچێکی زیندانە رۆیشتین و لەوێ گەیشتینە بنکەی سەرۆکی جەندرمەکان کە بەرپرسیاری پاراستنی زیندانەکەن، یەکسەر ئێمەیان کردە ژوورەوە، سەرۆکی جەندرمەکان لەوێ نەبوو، ئەمرۆ ئەو ڕۆژی پشووی بوو. هەربەدانیشتنمان، جەندرمەیەکی گەنج بە جلی سەوزەوە بەخێرهاتنی کردین و کۆلۆنی بۆ هێناین، ئەمە مینواندارى تورکیە، میوانەکە دەستی دەکاتەوە و کۆلۆن دەکرێتە دەستییەوە و ئەویش دەستی لەیەک دەخات و کۆلۆنەکە لە دەمووچا و ملی دەدات. لەدوای ئەوە، چا لە گەڵ کلۆی شەکردا بۆ میوانەکان هێنرا. ئەم کەسانە تەنها پارێزگاری لە دەرەوەی زیندانەکە دەکەن و تێکەڵ بە زیندانیەکان نابن. گەنجانێکن

که له گوندەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هێنراون بۆ ئێرە و غەریبن بەم ناوچانە،بیر سادە و هە ژارن، له تورکیادا تا بەرەو ڕۆژهەڵات برۆیت هە ژاری و نەخوێندەواری زۆرتردەبێت. منداڵان له تورکیا فیرکراون که ڕێز له باوک و باپیر و گەورەکانیان بگرن، له رۆژانی جەژندا، گەنجە کان دەستی گەورەکان ماچ دەکەن و کاتێک پیاوێکی بەتەمەن دێتە ژوورەکە وە ئەوان هەڵدەستن و جێگەیەکیان بۆ دادەنێن و کۆلۆن و چایان بۆ دەهێنن. مارکی چەکەکانیان ئەمریکی یە بەڵام پێیان ووتم که ئێستا ئەو چەکانە له تورکیا دروست دەکرێت.

کاری پاسەوانی کەسی کارێکی ئاسان نییە، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەو دەبێت تۆ بپارێزێت، له شارێکی گەورەی وەکوو ئەستەمبەڵ و ئەزمیر پیاوکوژێکی بەئاسانی دەتوانێت له ناو ئە کەسە زۆرانەدا وون ببێت. ساڵیح تکین، پاسەوانی کەسی من زۆر دڵی خۆشنەبوو بە هاتن و چوونم، له هەموو کاتێکدا ئەو چوار یان پێنج پێ لەمنەوە دووربوو، وەهەمیشە له پێشمنەوە دەچووە دەرەوە ی دەرگا. شەوان ئەو ژوورانەی بۆ من دانرا بوو ئەو لە پێشدا دەچوە ناوی، سەیری چەکمەجەکانی دەکرد، ژێر فەرشەکان دەگەرا، سەیری ژێر جێگاکەی دەکرد و له شتەکانی ناو ژورەکەی دەکۆڵییەوە. دوای ئەوەی که بەتەوای سەیری ژوورەکەی دەکرد ئەوکاتە دەیهێشت بچمە ناو ژوورەکەوە. لەدوای ئەوە لە بارەگای پۆلیسەوە دوو پۆلیس لەبەردەم دەرگای ژوورەکەدا دادەنران بۆ پارێزگاری کردن له ژوورەکە. گەر تیرۆریستەکان بیان ویستایە بیسەلمێنن که ڕژێمی تورکیا ناتوانێت کەسانی خۆی بپارێزێت لەوە چاکتر هەیە که میوانێکی تایبەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە ناوبەریت؟

خانم کەنان گیرێدی، ئەو دەرهێنەرەی لەگەڵمدا نێردرا بوو لەوەو پێش سەردانی زیندانەکی کردبوو، دوای ئەوەی که چاکەمان خواردەوە بە خێرای تەلەفونەکەی هەڵگرت و ڕەقەمێکی ناو زیندانەکەی لێدا و داوای یەڵماز گۆنای کرد. تەلەفونەکەی داخستەوە و وتی " یەڵماز گۆنای دەهێڵیت ئێمە بچینە ژوورەوە". لەدوای ئەوەی چوینە وە دەرەوە بۆ بەردەرگای زیندانەکە لەبەردەم دیوارە زەردەکەدا بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوتین بۆ دەرگاکە، خانم کەنان گیرێدی له کونێکی دەرگاکەوە سەیرێکی ژوورەوەی کرد و ووتی " ئەوە یەڵمازە". بە پێکەنینەوە گۆنای دەرگاکەی کردەوە. سەرم سورمابوو، هیچ شتێکی پێویست نەبوو ؟ تەنها ناوی من و حەزی ئەو که من ببینێت ؟ ئایا لە تورکیادا هەموو زیندانیەک دەتوانێت دەرگا بکاتەوە بۆ میوانەکانی؟ گۆنای لەباوەشی کردم و هەردوو ڕوومەتی ماچ کردم، ئەوە یەکەمجار بوو که گۆنەی ببینیم، یەڵماز زۆر لاواز بووبوو وە شانەکانی که بیرمبێت له ڕۆڵی فیلمی "هیوا" دا زۆر چەمابۆوە، لەوڕۆژانەدا وەکوو ئەستێرەیەک بەرێگادا دەرۆیشت وەکوو پاڵەوان و قارەمانێک، ئێستانە

شتێکی سادە و نەرمی بە دەمووچاویەوە دەبیندرا، لە سێهەمین جاری زیندانیدا گۆنای ١٢ کیلۆی لەدەستدابوو. لەژوورێکی پێشوازی چوارگۆشەی ڕەساسی کۆنکرێتی پیسدابووین. چەند کوورسیەکی کۆن و قەنەفەیەک لەژوورەکەدا بوو. گۆنای منی لەسەر قەنەفەکە دانیشاند و دەستی خستەسەر شانم، بە خێراییەی زۆرەوە دەدوا کە من دەبوایە یەکێک بۆی وەرگێڕمایە، پێی ووتم کەچەند فیلمەکانی من کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەو، هەموو فیلمەکانمی بەدڵ لەبەر بوو، چیرۆکی و ئەکتەرەکانی و وێنەکانی ناو فیلمەکان.

سەرسووڕهێنەر بوو کە هیچ لە پاسەوەناکانم نەدەبینی، کاتێک کە گۆنای دەرگاکەی بۆ کردینەوە پیاوێکی لەگەڵ دا بوو بەڵام بە شێوە و جلەکانیدا لە حەرەس نەدەچوو و قاتێکی بەبێ بۆنیباخی لەبەردا بوو وە گۆنای چاکەتێکی سپۆرتی قاوەیی لەسەر کراسێکدا لەبەردابوو، وەکوو هاورێ لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوتیان دەکرد، لەومایەدا بووبوون بە هاورێ. لەگەڵ گۆنای دا لە زیندان دا مامەوە لە کاتژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانییە وە تاکوو ٣ ی دوانیوەڕۆ بەبێ ئەوەی تاکە پاسەوانێک ببینیم. لە گۆنام پرسی گەر دەتوانم سەیرێکی ناو زیندانەکە بکەم، بەروویەکی خۆشەوە وتی "بە دڵنیاییەوە " بەڵام پێوویستبوو کە داواکاری لە دەسەڵاداران و بەرێوەبەری  زیندانەکە بکەین، دەستی درێژ کرد بۆ ژوورێک لە نزیک ژووری پێشوازییەوە. بەرێوەبەری زیندانەکە بە تەنهای لەژوورەکەدا دانیشتبوو وە دڵتەنگ دیاربوو، لەسەرمێزەکەی پاکەتێک چکلێت دانرابوو کە بەبۆنەی جەژنەوە بەبەرگی ڕەنگاورەنگ ڕازێندرابۆوە  وەکوو دیاری دەدرا بە میوانان، بەرێوەبەرەکە تەمەنی نزیک ٤٥ ساڵ دەبوو وە قاتێکی بازرگانی شینی لەبەردابوو لەگەڵ بۆنیباخێکی گەورەدا. جارێکی تر کۆلۆن و چایان بۆ هێناین، بە روکەش دا دیاربوو کە ئەو و یەڵماز گۆنای هاورێیییەکی یەکسانی لە نێوانیان دا هەیە، بەرێوەبەری زیندانەکە هەڵسوکەوتی  وەکوو ئەستێرەیەکی سینەمای  لەگەڵ گۆنای دا دەکرد، گۆنای بەتەواوی ئەوی بەمن ناساند. بەرێوەبەر ڕازیبوو بە سەردانکردنمان بۆ ناو زیندان وە یەڵماز دەتوانێت شوێنەکانمان پیشان بدات بەڵام لە رووی وێنە گرتنەوە دەیویست کامێراکەم لەسەر مێزەکەی بەجێبهێڵم تا تەلەفونێکی دەکرد بۆ سەروە بۆ ڕازیبوون، ئەو نەیدەویست من وێنەیەک بگرم و دوای بڵاو بکرێتەوە لەسەر ئەرکی ئەو، هەرکاتێک لە سەرەوە ڕازیبوون، ئەوا ئەو کامێرەکام بۆ دەنێرێت هەر کاتێک وویستم پاسەوانە کەسیەکەم، ساڵیح تکین، دەمانچە ٤٥ ی ئەمریکیەکەی بە جێهێشت و بەرێوەبەری زیندانەکە بەخەندەوە دەمانچەکەی لێ وەرگرت، چکلێتی داپێمان، چکلێتەکان خۆشبوون بەڵام وەکو زۆربەی خواردنەکانی تورکیا زۆر شیرین بوو، دوای ئەوە چاکەمان خواردەوە و هەستاین برۆین. بەرێوە بەر باوەشی پێداکردم و ئەم لاو لای ماچکردم، لە ژیانمدا ئەمەندە زۆر لە لایەن پیاوانە وە ماچنەکراوم لە یەک ڕۆژدا.

یەڵماز بەقادرمەکاندا بەرەو نهۆمی ژێرەوەی بردین. لە حەوشەکەدا سنوقێکی گەورەی سێگۆشەی بەبەرزی ناو قەد داندرابوو کە ووردەنانی کۆن و بەرماوەی زیندانیەکان بوو کە دەدرا بە ئاژەڵ. لە دەرگایەکی ترەوە چوینە حەوشەیەکەوە کە درەختێکی خوارو خێچی لە ناوەڕاستدا بوو لەگەڵ سێ مەڕدا. جەژنی قوربان یەکێکە لەوجەژنانەی خەڵکی لەم ناوچەیەدا پێی هەڵدەستن، نە ریتێکە لە کۆنترین نەریتەکانی جیهان، سەربڕینی گیانداران بۆ خزمەتی خودا، ئاژەڵ دەهێندرێتەماڵەوە و دەکرێت بە خێر وەکو چۆن ئێمە درەختی کریسمس دەهێنینە ماڵەوە. سەربڕینەکە لەبەردەم هەموو ئەندامانی خێزاندا دەکرێت، تەنانەت منداڵانیش ئەم کردارە دەبینن، " خودای گەورە ئاژەڵی دروست کردوە بۆ ئەوەی سەرببڕێن "، منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ بەمنی ووت. قەسابەکە بە چەقۆیەک ملی ئاژەڵەکە دەبڕێت خوێن لە دەم و لوتی ئاژەڵەکەوە دێتە دەر هەتاوەکوو گیانی دەردەچێت، پێستەکەی پاک دەکرێت و وورگی کە هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەستێت دەخرێتە لایەک و لاشەکەی پارچە پارچە دەکرێت. ئەوە نەریتە کە یەک لەسەر سێی گۆشتەکەی بچێت بۆ هەژاران و یەک لەسەر سێی بۆ دراوسێ هەژارەکان و یەک لەسەر سێی بۆ خێزانەکە خۆیان دەمێنێتەوە،جەژن لە زینداندا وەکو هەموو شوێنێکی تر بەڕێوە دەچێت و ئەم دوو مەڕەشچاوەڕێی سەربڕین بوون لەو بەری حەوشەدا، یەڵماز کلیلێکی دەرهێنا و دەرگایەکی بۆیە کراوی سەوزی کردەوە، ئەو ژوورە بچوکەی ئەو دیوو دەرگاکە شوێنی خوێندنەوە و نوسینی ئەو بوو لە لایەن کاربەدەستانی زیندانەوە بۆ ئەو دابینکرابوو بۆ ئەوەی تێیدا بنوسێت لە ژوورەکەدا مێزێکی پچکۆلەو دوو کورسی و دوو کتێبخانەی پچوک کە پڕبوون لە کتێب و ڕۆژنامە داندرابوو. زیندانانی سیاسی لە هەموو شوێنێک بە تە واوی ئەو یاسایانە دەخوێننەوە کە بەهۆیەوە گیراون. لەسەر مێزەکە سێ زنجیرە کتێبی گەورە داندرابوون، کە پرسیارم لە گۆنەی کرد کە "چەندە لە زینداندایە؟" ، یەکێک لەو کتێبە گەورانەی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو یاسا تورکیەی کە بەهۆیەوە زیندانی کرابوو، وە پێی ووتین کە ئێستاش ئەو لە زیندانایە کە چی تۆمەت کراوە بە سێ کاری تر و وە لە ژێر لێکۆڵینەوە دایە، ئەم تۆمەتانە تۆمەتێکی سیاسیە و گەر پێشی تاوان بار بکرێت سزاکانی سزای مردنە، بەڵام گۆنەی ئەو تۆمەتانەی بە قورساییە وە نە گرتبوو. بۆ چی بە قورسایی بیگرێت ؟ ئەمەندە ژیانی لە زینداندا بەسەر بردووە،ئەمەندە بەم هەڕەشانە ترسێندراوە ئێستا ئە و تۆمەتانە هیچ مانایەکیان تێدا نەماوە. بارودۆخی زیندانەکە سەرسامی کردبووم، ژوری خوێندنی گۆنای، هەستناسکی و هێمنی ئەو لە زیندان دا و وەهاوڕێیەتی گۆنەی لەگەڵ پاسەوان و بەڕێوبەری زینداندا. لە دوایدا بۆم ڕوون بۆوە کە زۆربەی کەسانی بیرناس و هونەرمەندان و نوسەران لە تورکیادا جارێک کاتیان لە زیندان دا

بەسەر بردووە. میتی تونچەی ی مێژووناس و فەیلەسوف، میتی تونچەی کە لەگەڵمدا بوو چوار مانگی لە زیندان دا بە سەربردوە. هاوڕێکەم، یەشار کەمالی ڕۆمان نوسی گەورە کە زۆرجار بۆ خەلاتی نۆبڵ هەڵبژێردراوە چەندان کات لە زینداندا بووە، وە خێزانەکەی، سیلدا، کە وەرگێرە چوارمانگ لە زیندان دا بووە. زیندان وەکو شانازیەکە بۆ ئەم کەسانە. وەکو هەموو نوسەرێک، کۆپی کتێبەکانی دامێ و ئیمزای بۆ کردم. یەک بوونێک بوو لە گەڵ هاوڕییەکی نوسەردا. من خەمگین بووم کە سەردانی زیندانەکە لەم ژووره پچوکەدا کۆتایی بێت، لە یەڵمازم پرسی کە دەتوانم شوێنی تری ناو زیندانەکە ببینم؟. پێی وتم کە لەگەڵیدا بڕۆم وەکوو وا بێت هەموو ئارەزویەکی لە دەست خۆیدا بێت. بردینیە هۆلێکەوە و بەسەر چەندین قادرمەدا سەرکەوتین، جارێکی تر هیچ پاسەوانێکم نە بینی، زیندانیەکان بە سەربەستی دەهاتن و دە چوون. گەیشتینە ژورێکی زۆر گەورە کە شوێنی ژیانی نزیکەی سەد کەس بوو، ژوورێکی زۆر بەرز بوو کە چەندان جێگا لە سەر یەک داندرا بوون. زیندانیەکان لە ناو جێگاکانیاندا بە هێمنی دەدووان، دەیانخوێندەوە، تاولەیان دەکرد، وە هەندێکیان خەوتبوون.زیندانیەکان سەربەست بوون بۆ هەرکوییەک بچن، یەڵماز بەناوەڕاستی ژوورەکەدا بەنێوان جێگاکاندا بردینی، زۆر لەزیندانەکان تاقەتیان نەبوو سەیریشمان بکەن.لە کۆتایی ژوورەکەدا شوێنی زیندانیە توند ڕەوەکان بوو کە زۆربەیان پیاو کوژبوون، لە هەمان شوێندا زیندانە سیاسیەکان کە هەمان سزای قورسیان بەسەردا سە پێندرا بوو، کەسم نە بینی کە زنجیر یان کەلەپچەکرابێت، بەلام ئەو شوێنەی کە زیندانیە توندڕەوە کانی تێدا بوو نەم توانی ببینم. لە کۆتای ژوورەکەدا و لە جێگەی سەرەوە دا شوێنی خەوتنی یەڵماز بوو. بەسەر چەند پەیژەیەکدا سەرکە وتین، پەردەی سوور بەردەمی جێگەکەی داگیر کردبوو، هاوڕێکەی گۆنەی پێشوازی لێکردین کە تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵ دەبوووە لەزینداندا بوو بەهۆی کوشتنی پۆلیسێک و پاسەوانێکەوە. حەڤدە ساڵ بوو لە زینداندا بوو، لە دوای ڕۆیشتنمان هەواڵی ڕاکردنی ئەوم بە دەست گەیشت. دوو جێگەی جیاوازی لێ بوو هەر یەک شوێنی خۆی جیاواز بوو تەنانەت پۆستەرێکی شینی ئاسمانی کە ڕەسمی گوڵی تێدا بوو هەڵواسرابوو. یە ڵماز حەزی دەکرد کە ئێمە بەختەوەربین، لە پەنامەوە دانیشتبوو وە دەستی خستە سەر شانم و داوای لێکردین بۆ نان خواردن بمێنینەوە، حە زی دەکرد سەردانەکەمان درێژتر بێت، ئێمەش ڕازی بووین.

بە دیوارەکانەوە جلی خەوتن هەڵواسرابوو، یەڵماز ڕادوییەکی هەبوو کە هە واڵی جیهانی لێ وەر دەگرت، هاوڕێکەی ڕادوییەکی پچوکی یابانی هەبوو. لە یەڵمازم پرسی گەر وێنەی خێزانەکەی پێ بوو. " پیاو وێنەکەی خێزانەکەی لێرەدا هەڵناواسێت " ئەو وتی. زیندانێکی گەنج

کۆڵۆنیٰ بۆ هێنایین. یەڵماز زۆربەی ژیانی لە زینداندا بەسەر بردوە و وە لەم کاتانەدا کۆتایی دیار نەبوو، چۆن خێزانەکەی بەم ژیانە ڕازیی بووە؟.فاتۆس بە  زیندانی کردنیی من ڕاهاتوە" یەڵماز وەڵامی دایەوە "هیچ پاسەوانێکم لەم ناوانەدا نە بینی "، من وتم. "ئەوان لێرەن "یەڵماز وتی "بەڵام جل و بەرگیان وەکو ئێمەیە وە زۆربەیان هاوڕێمانن " "ئەشکەنجەی زیندانیەکان دەدەن؟" پرسیارم کرد وە بیرم لە فیلمی  "میدنایت ئێکسپرێس" دەرکردەوە. " ڕەنگە لێرە ڕوبدات  یەڵماز وتی " بەڵام ئەو پاسەوانە ژیانی لە مەترسی دا دە بێت، ڕەنگە جارێکی تر نەتوانێت لە کەسی تر بدات ڕێگرەکان زۆر توند نین لە زیندان دا " وتم " تۆ دەتوانیت رابکەیت لە زیندان؟ ". یەڵماز وەڵامی دایەوە : هەرچی کاتێک بمەوێت دەتوانم ڕابکەم

"ئەی بۆچی ڕاناکەیت؟ "

"ژیانم لێرە پارێزراو ترە وەک لە دەرەوە "

"ئەگەر ئازاد بیت دەتەوێت وڵاتەکە بەجێبهێڵیت ؟"

"چینی دەوڵەمەند و دەسەڵات داران حەزدەکەن بڕۆم، بەڵام من شەڕدەکەم بۆ بڕواکانم تا کۆتایی وە لە خاکی خۆماندا "

"لە ژیانت دەترسیت ؟"

"هاوڕێکانم پارێزگاریم لێدەکەن، ئەو کەسەی دەیەوێت من بکوژێت بۆ پێنج خولەک بەزیندویی نامێنێتەوە"

پێی ووتم کە چەند فیلمەکانی من کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەو پەردە سورەکە کرایەوە و زیندانیە گەنجەکە سیٰ سینی خواردنی هێنایە ژورەوە کە لە چێشتخانەی زیندانەکەدا دروست کرابوو، شلەی تەماتە بۆ ئەوەی نانی تێبکەیت و قاپێکی برنج و کە بابی مریشک.یەڵماز داوای کرد کە نان بخۆین، دەستمان کرد بە نان خواردن.  باسی ئەو وێنانەم بۆ گۆنەی کرد کە لە قوبرِوس بینیبوم، باری هەژاری و ناخۆشی ژیانیان لە کامپەکاندا "تۆدەڵێیت کە داگیرکردنی قوبرِوس لەلایەن تورکیاوە شتێکی ڕاست بوو؟ " من وتم "ئەو جەنگە پێویست بوو ؟"

ئەوە جەنگ نەبوو، گۆنەی بە قێزەوە وتی "جەنگ ئەوەیە کە دوو سوپا لە ناوچەیەکی یەکساندا شەڕدەکەن، ئەوە داگیرکردنێک بوو دژ بەکەسانی بێدەسەڵات و چەک. تەنانەت لیبرِاڵەکانیشتان بڕوایان وایە کە ئە و داگیرکردنە شتێکی ڕاستیانە بوو؟ پرسیارم کرد " ئاگادارم " گۆنەی وتی " بەڵام قوبرِس نابێت لە ژێردەستی یۆنان یان تورکیادا بێت، دەبێت سەربەخۆبێت، هیچ لایەنێک

نەگرێت، ئەی لەبارەی کێشەی کوردەوە ؟" پرسیارم کرد. کوردەکان کەمایتیەکن لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لە ناوچەی دەریاچەی ڤان داو لە سنوری ئێران و تورکیادا دەژین، ناسراون بە شۆڕشگێڕ و هەوڵدەدەن کە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. لە مێژەوە شۆڕشێکی جیا بونەوەیان دەست پێکردوە،یەکێک لەو تۆمەتانەی کە گۆنەی پێتاوان بار کرابوو ئەوە بوو کە بەدەنگی بەرز و کراوەیی پشتگیری ئەم شۆڕشەی دەکرد کاتێک ئێمە پارێزگاری لە مافی کەمینە تورکەکان دەکەین لە قوبرِوس " گۆنەی وتی "لە هەمان کاتدا پێویستە مافی کەمینەکان لە وولاتی خۆماندا بپارێزین.

وەکوو برِواکەرێکی بەهێز قسەی دەکرد، بەبێ گومانە وە، بیری مامۆستایەکمی دەخستەوە کەلە قوتابخانەی کرێکاری دا لە نیویۆرک لە سییەکاندا دەرسی پێدەوتمەوە. کاتێک برنج و مریشکمان دەخوارد پرسیارم لێکرد کە ئەو هەستی چی بوو بە گەورەبون و بەهێزی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟ گۆنەی وەلامی دایەوە کە دەسەلاتی ئەمریکا زاڵە لە ناوچەکەدا بۆ نمونە دۆلار وکۆمپانیای ئەمریکی هۆتێلی "ئەستەمبوڵ ئینتەر کۆتینینتاڵ" بەرهەم هێناوە کە من لێی دەمامە و سەرمایە و کۆمپانیای ئەمریکی دەستیان لە پرۆژە گەورەکانی تورکیادا هەیە، کۆمپانیای دروست کردنی ئۆتۆمبێلی فۆرد بەشێکی لە ئانا تۆلیا هەیە. لە ڕێکەوتن نامەی نێوان ئەمریکا و تورکیادا نوسراوە کە بە ێ ڕازی بونی ئەمریکا تورکیا ناتوانێت ئەو چەکانەی لە ئەمریکاوە کڕیوە بەکار بهێنێت. "بەلام ئەوڕێکەوتن نامەیە ڕێزی لێنەگیرا لە جەنگی قوبرِوسدا.

تورکیا کۆلۆنیەکی ئەمریکا نیە "گۆنەی قسەکەمی بڕی. زیندانە گەنجەکە قاپە بەتاڵەکان و سینیەیەکانی برد و گەڕایەوە بە هێنانی شیرینی. بە گۆنەیم وت ئەو داواکاریەیی کە لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کردبوو کە گۆنەی لەماوەی مانەوەی دا لە زیندان دا بتوانێت فیلم بەرهەم هێنێت. بە بولیند ئەجەویدم وتبوو کە فیلمی بەرهێنەری هۆلیودی وەکوو "میدنایت ئێکسپرێس" بەشێوەیەکی دڕندانە و ناڕاستیانە باس لەکۆمەڵگەی تورکی دەکات وە فیلمێک لە زیندانی تۆپتاشیدا لە لایەن یەڵماز گۆنەیەوە دروست بکرێت تاکە وەلامێکی ڕاستیانەیە بەرامبەر بەو فیلمانە. چەند هەفتەیەکی دواتر زانیتم کە گۆنەی فیلمێکی کورتی چوار خولەکانەی دروست کردووە.

کاتی ڕۆشتن هاتبوو، چەندین لە زیندانەکان لە ناوەڕاستی ژورەکەدا کۆبوبونەوە، هەواڵ بڵاوبوبۆوە کە من فیلمی "ڤیڤا سابەتا" م دەرهێناوە کە چەند ڕۆژێک لەوە پێش تەلەفیزیۆندا پیشان درابوو. گۆرانییەکەی فیلمەکەیان بەدڵ بوو، گۆرانی "تیرا و لیبیرتاد" کە زۆر لە گوند نیشینە تورکەکان دەیانوت. بەڕێوەبەری زیندانەکە کامێرەکەی منی ناردبوو وە ئێستا

دەمتوانی وێنەی ناو زیندان بگرم. بەڵام تاریکی ژووره گەورەی ناو زیندانەکەی داپۆشی بوو، ئەو وێنانەی کە گرتم هیچ خەڵاتێک نابەنەوە. ژوری پێشوازیکردنەکەی دەرەوە پڕبوو لە زیندانیەکان و ئەو کەسانەی کەسەردانیان دەکردن، باوک منداڵی لەباوەشدا بوو وە جار لەدوای جار ماچی دەکرد وە لە هەمان کات دا پرسیاریان لە خێزانەکانیان دەکرد، دەیانزانی کەکات کەمە و شەپۆلێکی تر لە دەرەوە چاوەڕوانن. هەست و سۆزی ئەو کەسانە ئەوەندە دڵتەنگی کردم، گەرچی چەندان ساڵە لەگەڵ ئەکتەردا وێنەی ئەو هەستانە دەگرم، کەچی ئێستا نەمتوانی ئەم کامێرایە بەکاربهێنم بۆ وێنەگرتنی ئەوکەسانە. پیاوەکان دڵیان خۆشبو وە ئافرەتەکان بە دڵتەنگیەوەی دەدوان وە منداڵەکان بەترسێکەوە سەیری گەورەکانیان دەکرد، زۆربەی ئەومنداڵانە تەنها جارێک کەباوکیان دیوە لەچوارچێوەی ئەم زیندانەدا بووە، شانم نابوو بەدیوارەکەوە و سەیری دیمەنی دڵخۆشی و گریانی ئەوکەسانەم دەکرد. لەوکاتەدا بوو پێیان ووتم کە بەڕێوەبەری زیندانەکە بەزووترین کات دەیەوێت بمبینێت، لە ژووری بەرێوەبەردا پیاوێکی لێبوو کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەی زیندانەکە بوو، زۆر شڵەژابوو بەزانینی کەمن وێنەی ناو زیندانەکەم گرتووە، بۆ نزیکەی نیو کاتژمێر بەخێرای دەدوا و وەتورکیەکەی منیش زۆر چاک نەبوو، نیوەی ووتەکانی تێدەگەیشتم وەهەمان رستەی دووبارە دەکردەوە کە لەتورکیادا چەندان زیندانی چاکتروو مۆدرێنتر هەیە لە زیندانی وە بۆچی من سەردانی ئەو زیندانانەم نەکردووە بەڵام ئێرەم بەدڵە " من ووتم. دەمزانی کەبڕوای بەقسەکانم نەبوو وە ئەوە زیاتر تورەی کرد، یەڵماز لەلایەکمەوە دانیشتبوو وە بێدەنگ بوو و بەزەردەخەنەیەکەوە سەیری دەکردین. وامدەزانی کەداوام لێدەکات کەفیلمی ناوکامێراکەی بدەمێ بەڵام داوای نەکرد. دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد هەستایە سەرپێ و ئارەقی لەدەمووچاوی سڕی و هەردوو ڕۆمەتی ماچکردم و شتێکی لەبارەی ناوبانگی من وەکوو دەرهێنەرێکی سینەماییەوە باسکردوو ئەملاولای یەڵمازی ماچکردوو وە ژورەکەی بەجێهێشت. سوپاسی بەڕێوەبەری زیندانەکەم کرد بۆ ڕێپێدانی بەسەردانی ناو زیندانەکە و بەجێمانهێشت. لەژووری پێشوازی دا، پاسەوانێک بە جل و بەرگی مەدەنییەوە فیکەی لێدا کە کۆتای بە شەپۆلێکی تری سەردانی زیندانیەکان هێنا. کاتێک کە ماڵئاوایم لەگۆنای کرد بەتووندی هەردوو شانەکانمی گرتم وەکوو بیەوێت نەرۆم و زۆرتر من بناسیت. دڵنیایی گۆنای لەخۆی و ژیان زۆرسەرسامی کردبووم، وەکوو دەرهێنەرێک وە فێربووم کە هەردوولای کێشەیەک ببینم، یەکێک لەخۆشەویسترین پەندی من، پەندێکی دەرهێنەری فەرەنسی، جان ڕینوارە، کە دەڵێت " هەموو کەسێک هۆیەکی بۆ ژیان هەیە"، بیرکردنەوەی یەڵماز بیرکردنەوەیەکی نەخشەکێشە، گرنگی دەدات بەهەڵبژاردنێکی راستیانە و گرتنەبەری ڕێگایەکی راست و بەگەیشتن پێی.

لەدەرەوە لەسەر ئەو قادرمانەی کە هاتین چۆڵبوو، ئێستا پڕبوو لە ژن و منداڵ کەسەردانی زیندانیەکانیان دەکرد، دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان بچینە دەرەوە

بۆ سەردانی کێ هاتوون؟" یەکێک لەئافرەتەکان پرسیاری لە کەنان گیرێدی کرد

یەڵماز گۆنای " کەنان گیرێدی وەڵامی دایەوە

هەمان پڕۆپاگەندی کۆمۆنیستی " ئافرەتەکە بە توڕەییەوە ووتی: لەڕێگەی ڕۆیشتنەوەمان دا هەموومان دڵتەنگ بووین بەتایبەتی مێتی تونچەی زۆر دڵتەنگ بوو " بڕواسیاسیەکانی گۆنای بەهرەمەندی و زیرەکی ئەویان کوشتووە " ئەو ووتی " ئەبێت چی بەسەر ئەوبلیمەتیە سینەمایەی گۆنای بێت؟" مێتی تونچەی بڕوای وابوو کە بلیمەتی گۆنای بەسەرچووە و بۆتە مرۆڤێکی تراجیک " لە بیرم چوو پرسیاری لێبکەم " من ووتم " ئایا ئەو دادوەرەکەی کوشتووە یان نا؟" "بەدڵنیاییەوە ئەونەیکوشتووە" کەنان گیرێدی ووتی "گۆنای بێتاوانە و بەهەڵە تاوانبارکراوە" ئەبوایە پرسیارم لێکردایە" من ووتم: "هەرچیەکبێت" کەنان گیرێدی ووتی "دادوەرێکی فاشیست بوو" "گەر تۆکچی ئەو دادوەربوویتایە " من وەڵامم دایەوە "ئەو کاتە تۆچیت دەووت؟" هیوام وایە کە هەستم لەگەڵ بڕواکانم دا تێکەڵنەبێت " ئەو وەڵامی دامەوە "کەسێک هەیە دەتوانێت پێتبڵێت ئەوشەوەی کە دادوەرەکە کوژرا چی ڕوویدا؟

ئەوکەسە، ئونات کولتار، سەرۆکی بەشی فیلمە لە وەزارەتی کەلتور لە ئەستەمبووڵ. لە دواشەووی مانەوەم دا لە تورکیا چاووم پێکەوت و داوام لێکرد کە بە کەنان گیرێدی بڵێت و ئەویش بۆ منی بنووسێتەوە کە ڕووداوەکە چۆن ڕوویداوە، ئەمە لێدوانەکەی ئەوە ڕۆژێک لە مانگی ئابی ١٩٧٤ دا سەردانی ماڵی یەڵماز گۆنایم کرد، لەبەر ئەوەی هاوڕێی کۆنم بوو زۆر باسی پڕۆژەی فیلمەکانیمان دەکرد، بەهەستێکی زۆرەوە گۆنای باسی پڕۆژەی فیلمە تازەکەی بۆکردم کە ناوی "ئازار" بوو: کارەکتەری سەرەکی ئەم فیلمە جووتیارێکی کشتووکاڵی ناوچەی نزیک چوکورۆڤایە. ئەم جووتیارە لە نێوان شێتی و شەخسێکی پیرۆزدایە، لەبەردەم خێمەکەیدا دانیشتووە و سەیری خۆرهەڵاتن دەکات بیردەکاتەوە " شتێک روودەدات، ئەبێت بە دڵنیاییەوە شتێک رووبدات، شتێکی ترسناک و خراپ روودەدات، دەبێت شتێک رووبدات" ئەم بیرکردنەوە دوو دڵییەک لەودا درووست دەکات، چیرۆکی ئەم فیلمە چیرۆکی ئەو پیاوەیە. ئەوشەوە گۆنای ڕۆیشت بۆ ئەدەنە چەند ڕۆژێک لە دوای ئەوە هەواڵی کوشتنەکەمان پێگەیشت، من لەوێنەبووم کوشتنەکە ببینم بەڵام کە گەیشتمە ئێرە بیرمکردەوە کە ئونات کولتار چاوی لە کوشتنەکە نەبووە، نووسینەکە بەردەوام بوو بەڵام من چەندان ساڵە گۆنای دەناسم، چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەوکەسانە کردووە کەلەو شوێنەدا بوون و وەهەموو ئەوڕاپۆرتانەم خوێندۆتەوە کەلەبارەی

کوشتنەکەوە نووسراون. دەتوانم چۆنیەتی روودانی کوشتنەکە بگێرمەوە بڕوام نەبوو کە کەس بتوانێت بەوشێوەیە راستیانە ڕووداوێک بگێڕێتەوە، نووسینەکەی بەردەوام بوو.

یەڵماز گۆنای لەماوەی کارکردنی دا وەکوو دەرهێنەرێکی سینەمای و لەو فیلمانەی کە ڕۆڵی تێدا بینوە بۆتە ڕەمزی کەسانی چەوساوە و وەکو پاڵەوانێکی فۆلکلۆری وەکوو شەخسێکی پیرۆز و رەمزێکی ئازایانەیە بۆ ئەو کەسانە بڕوام بەوە هەبوو، بەچاوی خۆم لەزیندان دا دەمبینی چۆن کەسانی تر ڕێزیان لە یەڵماز دەگرت، ووتارەکەی بەردەوام بوو چەند ڕۆژانێک لەدوای ئەوەی کەگۆنای دەستی کردبوو بەوێنەگرتنی فیلمی "ئازار"، کاتێک کە گۆنای لە ریستۆرانێکدا وێنەی بەشێکی لە فیلمەکە دەگرت کە دەبوایە دەمانچەیەک بتەقێنریت، ئەم رووداوە روودەدات: دادوەرێک کە بڕوایەکی فاشیستی هەبوو پێی ناخۆشە کە گۆنا و هاوڕێکانی دەبینێت و دەستدەکات بە سوکایەتی کردنی گۆنای، بەسەرخۆشییەوە دەستدەکات بە جنێودان بە خیزانەکەی گۆنەی. خاوەنی ڕێستۆرانتەکە دەیەوێت کە دادوەرەکە بگەڕێنێتەوە ئەو مێزەی کەخێزانەکەشی لەسەری دانیشتبوو بەڵام دادوەرەکە بەردەوام دەبێت بە سوکایەتی کردن بەگۆنای، کەسانی چواردەوری گۆنای بەبێدەنگی سەیردەکەن، یەڵماز بێدەنگ دەبێت، ئەم بێدەنگییەی گۆنای ئەوەندەی تر دادوەرەکە تورە دەکات و هەست بەسوکایەتی دەکات، دەست دەکاتەوە بەسوکایەتی کردن بە گۆنای، هاوڕێیانی دادوەرەکە هەڵدەستن و لەهەمان کاتدا گۆنە و هاوڕێکانی هەڵدەستن، دادوەرەکە کورسییەک هەڵدەگریت و دەیگرێتە گۆنای، یەڵماز دەکەوێت، لەم کاتەدا دەنگی دەمانچەیەک دێت و دادوەرەکە دەکوژرێت.

بەڵام کێ گولەکەی تەقاند؟ ووتەکەی بەردەوام بوو

ڕادیۆ، کە دەم و پرۆپاگەندەی پارتی دەسەڵاتدار بوو بەخێرای هەواڵی بڵاوکردەوە کە یەڵماز گۆنای پیاوکوژەکەیە. لەهەمان شەودا سەرۆکی پارێزگەری دادگای شاری یومرەلیک بەخێرای گۆڕا و پارێزەرێکی تازە هاتە جێگەی و یەکسەر گۆنای تۆماتبار کرد بە کوشتنەکە. گۆنای دەستگیرکرا و دادگایی بە خیرای کرا و ئێستا لەزیندانی تۆپتاشی دایە.

ووتارەکەی ئونات کولتار زۆر دڵخۆشکێنەر نەبوو، ئەو بەچاوی خۆی کوشتنەکەی نەبینیبوو وەکوو ڕاپۆرتێک رووداوەکانی گێڕاوەتەوە، زۆرجار مێژوو دەنووسرێتەوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە مێژووەکە روودەدات چەند ڕۆژانێکی دواتر لە شاری پاریش بووم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تورک دا کە لەووڵاتەکەیان رایانکردبوو چەند کاتێکم بەسەر برد. وێنەکێشێک و خێزانەکەی، ڕۆمانووسێک و خێزانە کەی و دەرهێنەرێکی فیلمی دۆکۆمێنتری و خێزانە سویدیەکەی. دەربارەی یەڵماز گۆنای دووام و سەردانەکەم بۆ زیندانی تۆپتاشی.

بەڵام هەموو زیندانێک لە تورکیادا وەکوو ئەو زیندانە نیە کەتۆ باست کرد" دەرهێنەرەکە ووتی: ئەزانم " من وەڵامم دایەوە "بەڵام ئەوەی بۆم باسکردن ئەوە بوو کە بینیبووم، لەیەڵمازم نەپرسی کە ئەو دادوەرەکەی کوشتووە یان نا؟ وە ئەویش هیچ باسی لەکوشتنەکە نەکرد وێنەکێشەکە شتێکی پێووتم کە لەئەستەمبووڵ کەس بۆیان باسنەکردبووم، لەدوای کوشتنەکە و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا چەندان کەس دانیان بەوەداناوە کەئەوان، نەک یەڵماز، دادوەرەکەیان کوشتووە "لە هەموو لایەکەوە " ئە و ووتی " کەسان هەڵدەستانە سەرپێ و دەیانووت کە ئەوان پیاوکوژەکەن و تاوانبارن نەک یەڵماز گۆنای.

بڕوام وایە کە گۆنای ئەوەی کردبێت" ڕۆمانووسەکە ووتی " دادوەرەکە سوکایەتیەکی گەورەی بەو کردبوو کە هیچ پیاوێک ئەوە قبوڵ ناکات، جار لە دوای جار سوکایەتی بە گۆنای کردووە و جنێوی بە خێزانەکەی داوە لەبەردەم هەموو کەسان دا، ئەوە وای لە یەڵماز گۆنای کرد کە بیکوژێت و ئابڕوی جۆی بپارێزێت

" ئەی ئەو کەسانە کێن کە لەکاتی دادگای دا " پرسیارم کرد " هەڵدەستانە سەرپێ و دەیانووت ئەوان دادوەرەکەیان کوشتووە؟"

"ئەوە بڕوای پێکردم کە بڵێم یەڵمازە " ڕۆمانوسەکە ووتی "ئەوە لەهەموو شتێکی تر زیاتر"

هاوڕێکانم لەئوتێلەکەم دایانبەزاندم و ماڵئاوایمان لەیەکتر کرد. دواشەووم بوو لە پاریس و نەمدەویست کەبەزووی بخەوم، دەمویست بیرەکانم بەیەکەوە گرێبدەمەوە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ نیویۆرک، لە شەقامی "ڕیۆ دی ئیدیۆن" بەرەو شەقامی "سەینت جیرمەن بۆلیڤارد" ڕۆیشتم، گەرچی کات درەنگ بوو، بەڵام جادەکان زۆر قەڵەباڵغ بوون. لەهەموو کاتی گەشتەکەم دا وام هەستدەکرد کە بولیند ئەجەوید هەوڵدەدات کە زۆر لە ڕووداو و کارەساتە توند و تیژەکانی تورکیا نەبینم. ڕۆژێکیان لەیەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەزمیردا نووسرابوو کە بولیند ئەجەوید پەلاماردرابوو لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە لایەن چەند پۆلیسێکەوە بەشێوەیەکی ووتەیی و هەڕەشەپێکردن. وەڵامی بولیند ئەجەوید ئەوەبوو " با زۆر ئەم کردارە گەورەنەکەین". لەبیرم دێت شەوێکیان لەئەستەمبوڵ بەدەنگی تەقینەوەیەک خەبەرم بۆوە، قومبەلەیەک هەڵدرابووە خانوویەک لە نزیک ئۆتێلەکەی ئێمەوە، پیاوێک قاچێکی لەدەست دابوو. لەڕۆژی دوایدا ئەو دوو گەنجە توندرەوەی کە کارەکەیان کردبوو لە زیندان نەیاندەویست بڵێن بۆچی ئەو کردەوەیان کردووە. زیندانی تۆپتاشی ئەوشوێنە بوو کە زۆرترین کاتی ووتوویژم تێدا بەسەربرد و وەیەکێک لەو شوینانە بوو کەتیادا ئازاد بووم، " لیرەدا پاریزراویت" یەڵماز پێی ووتم: ئەم هەموو کردەوە توندو تیژانە هەر تەنها لە تورکیادا


نیە، خانووەکەم لە نیویۆرک سێ جار دزیی لێکراوە، زۆربەی شەقامەکانی نزیک مانهاتن دیواری پاراستنی لێدروستکراوە، ماوەیەک لەمەوپێش کوڕەزاکەم کە تەمەنی پازدە ساڵە لەگەڵ هاوڕییەکیدا لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە پەلامار دران، داوای پارەیان لێنەکردبوون تەنها ویستوویان رقایەتی خۆیان بەوان بڕێژن. ئێستا کە لەجادەی "ڕوو دی ڕینیس" دا دەرۆم، چەندان گەنج کە ژمارەیان ٢٠ کەسان دەبن خەریکی شەرکردنن، شەقامەکەیان لە ئۆتۆمبێل داخستووە، منیش وەکوو کەسانی تری سەر شەقامەکە لە دووره سەیریان دەکەم. نازان لەسەر چی شەردەکەن، بیردەکەمەوە کە تەنانەت ئەو گەنجانە خۆشیان نازانن بۆچی ئەو شەڕەدەکەن؟ چی دەبەنەوە؟ سەرکەوتن چییە بۆ ئەوان؟ چی دەبێت لەناو ببرێت؟ چی دەبێت ببرێتەوە؟ چی دەبێت بدۆرێت؟

هەمان بیر چەندان جار دەهاتەوە بیرم لە کاتی گەشتەکەم دا. گەنجان بڕوایان بەگەورەکانیان و بە وولاتەکانیان و بەکەسانی دەسەلاتدار نەماوە، ئەوان بڕوایان نەماوە بەهیچ شتێک وە بەتەواوی نازانن کە چییان دەوێت، هیچ چارەیەکیان نییە، هیچ شتێکی جیاوازیان نییە لە جێگەی کۆنەکان دایبنێن. هەموومان لەسەر بورکانێک دانیشتووین، پاڵەوانی فیلمەکەی یەڵماز گۆنایم بیرکەوتەوە، ئەو فیلمەی کە نەیتوانی بیکات، جووتیارەکەی نیوەی شەخسێکی پیرۆز و نیوەکەی تری شێت کە لەبەردەم خێمەکەی دا دانیشتووە و دەڵێت " شتێک روودەدات، ئەبێت بە دڵنیاییەوە شتێک رووبدات، شتێکی ترسناک و خراپ روودەدات، دەبێت شتێک رووبدات

--------------------------

ئەم نووسینەی ئیلیا کەزان لە ڕۆژی چواری ی شوباتی ١٩٧٩دا لە نیۆرک تایمزدا بڵاوکراوەتەوە و لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێراوە بۆکوردی.

لە دوای هەڵهاتنی گۆنەی لە زیندان بۆ فەرەنسا و بردنەوەی خەلاتی پالم دۆر لە فیستیڤاڵی کان. بۆ جارێکی تر کەزان و گۆنەی بە دیداری یەکتر گەیشتنەوە لە کاتی دروستکردنی فیلم "دیوار" دا لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە فەرەنسا. ئەوە دوواهەمیت دیداری کەزان و گۆنەی دەبێت. یەڵماز تەنها یەک ساڵی تر دەژی، بە نەخۆشی ژێر پەنجە لە ٩ ی ٩، ١٩٨٤ دا لە تارەوگە و لە شاری پاریس کۆچی دوای دەکات.... بلیمەتەکان لە لوتکەدا هەمیشە ماڵئاوای دەکەن.





**ئیلیا کەزان و یەڵماز گۆنەی لە زیندانی تۆپتاشی**



هیوا ۱۹۷۰




هیوا ۱۹۷۰



Elia Kazan







یەڵماز و کازان لە زیندانی تۆپتاشی




**یەڵماز و خێزانەکەی، فاتۆس لە کاتی مارەبڕین**



**یەڵماز و خێزانەکەی، فاتۆس**


LIMON







هيـوا ١٩٧٠




**گونەی لە قەفەسی دادگا**




ECEVİ





**یەڵماز گۆنەی دوای بردنەوەی پاڵم دۆر لە کان بۆ فیلمی ڕێگا**

سەرچاوی ئەم بابەتە:

http://themovingsilent.wordpress.com/